[فوئاد سالم] ئەفسانەی هونەر و هەوەست.. گەران هەڵبژێی

پێشکەش بە [١٠] یەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هونەرمەند.

زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێم حیزبی شیوعی عێراقی لە دەمی دامەزراندنیەوە تا قەدەغەکردنی وەک حیزبێکی چەپ، مەدرەسەیەک بووە بۆ بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی هەزارەها(بۆهرمەند) .گەر ئاوڕێک لەمێژووی عێراق بدەینەوە دەبینین ئەو بەهرەمەندانەی لەبواری جیاجیاکاندا هەن و کاریگەریان هەبووە ئەندام یا هاوسۆزی حیزبی شیوعی بوون. تا ئەو دەمەی بەعسی فاشی کۆنترۆڵی دەسەڵات و سەرجەم کەمەڵگاو کایە ئیبداعیەکانی نەکردبوو ، بەدگمەن کەسێکی بەهرەمەند دەستدەکەوت کە ئەندام یا لایەنگری حیزبی شیوعی نەبووبێت.
پاش ئەوەی لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجە و کووشتن بەسەر حیزبی شیوعی دەستی پێکرد ،هەڵبەتە ئەو شاڵاوە تووندتر دەبوو، بۆیە بەناچاری زۆربەی ئەو بەهرەمەندانە عێراقیان بەجێ هێشت و ڕۆیان کردە هەندێک وڵاتانی عەرەبی وەک یەمەنیی باشوور،لیبیا ،جەزائر،سوریا..،هەروەها هەندێکیشیان لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات گیرسانەوە،ژمارەیەکی زۆریشیان ڕوویان کردە چیاکانی کوردستان و بوونە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی.
یەکێک لەو بەهرەمەندانەی هەرزوو عێراقی جێهێشت ، هونەرمەندی پایەبەرزی عێراقی {فوئاد سالم} بوو.بەهۆی ناوبانگ و ئاستی بەرزی جەماوەری و پێگەو توانای لە نێو هونەری گەرانی عێراقیدا دەزگاکانی بەعس فشارێکی زۆریان خستەسەری ،دەیانویست بەهەرجۆرێک بێت ئەو شوعیە جەسورە دەنگە دڵێرە خامۆش بکەن .سەرەتا هەوڵیاندا بە پێدانی ئیمتیازات بیکەنە بەعسی، دەمێک زانیان ئەم کارە سەرناگرێت تووندوتیژی و لەدان و سوکایەتی دەستی پێکرد ،پاشان لە پێمانگای هونەرجوانەکان وەک وانەبێژ دەریان کرد ،ئەوجا ڕێگری لە گووتنی گەرانی و بەکارهێنانی زێبروزەنگ بەرامبەری شێوازێکی دیکەی فشاربوو بەسەر هونەرمەندی کۆچکردوو.
لە ئاکامدا بەی دەرکەوت کە لەو وەتەی خۆشی ویستوە و بەهونەرو سیاسەت خزمەتی کردوە، شوێنکی تەدا نەماوە بۆ ئەو بۆ دڕێدان بە ژیان .ئیدی دونیا بوو لەوەی ماوەی لەوەتدا مەترسیە بەسەرژیانی ،بۆیە بەیاری سۆفریدا.
ئەوبوو ساڵی ١٩٧٨ عێراقی بەجێهێشت و هەرچی یادگاری تاڵ و شیرینی

ابردوو هەن لەپاش خەی بەجێهێشت و بەرەو کوێت سەری هەڵگرت.
{نەغم}ی کبی دەربارەی ئەم مەشهەدە حەزینە دەڵێت:[تەمەنم شەش ساڵ بوو بەیانی زوو لەخەو هەڵیانساندم ،بەیانیەکی ساردو تەماوی بوو ،دایکم ،مامم ،دووکوێی مامم، باوکگەورەو دایگەورە لەدەورم کەبووبوونەو ،نەمدەزانی چی دەگوزەرێت ،گووتیان ماڵئاوایی لەباوکت بکە چونکە سەفەردەکات.بابم بەتووندی لەئامێزی گرتم و ماچبارانی کردم کە هاوکات فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتە خوار.پاشان بەباوەشی مامەوە لەسەر دیواری حەوشەکەوە دیقەتم دا بابم لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا ئاوەدەداتەوەو بەدەستتی ماڵئاوایمان بەدەنگەرێت ،ئەمەش بەهەمان شێوە وەڵاممان دەدایەوە ،تا لەنەو تەمی ساردی بەرەبەیاندا بەیەکجاری ونبوو،ونبوونەک ٢٤ ساڵی خایاند تا بەدیداری شادبوومەوە،]ئەودەمە لەوبارەوە هیچ حاڵی نەبووم،پاشان کەگەورەبووم تێگەشتم چ تراجیدیایەک ڕوویداوە.
فوئاد سالم پێشتر لەڕێگەی هونەرەکەیەوە لە کوێت ناسرابوو، هەر بەیە بەخەرایی لەئامێزیان گرت و دەرگای هونەریان بە کردەوە.
بەهەی ئەو زەمینە گونجاوەی لەکوێت بۆی ڕەخسابوو، هونەرمەندی کەچکردوو زۆر بەخەرایی چالاکیە هونەریەکانی گەشەی کرد،جگە لەکوێت لەوەتانی دیکەی کەنداو بانگهێشت دەکرا بۆ سازکردنی ئاهەنگ و کۆنسێرت .
زیانی هونەرمەندی کەچکردوو لەکوێتیش دوور نەبوو لە فشاری مخابەراتی ئێراقی ،بەردەوام لەژێر چاودێری و هەڕەشەی ئەو دەزگا تەقەنێرەدابوو ، تەنانەت هەوەدان بە کووشتنی یەکێک بوو لەپلانەکانیان.
بەنمونە جارێک فوئاد سالم لە بەرنامەیدابوو لەیەکێک لەوەتانی کەنداو بەشداری کۆنسێرتێک بکات ، هاوکات بەیار بوو لە ئێراقیشەوە چەند گۆرانیژێک بەشداربن.مخابەراتی ئێراقی یەکێک لەو گۆرانیژانە ڕادەسپێرێت کە بە دەرزیەکی ژەهراوی فوئاد سالم بکوژێت، بەهەرهەیەک بێت خەشبەختانە فوئاد ئامادەی ئەو ئاهەنگە نابێت و پلانەکەیان شکست دەنێت.
ئەم مرۆڤە شیوعیە هەندە بەئەخلاق و لەبوردەبوو هەرگیز ئامادەنەبوو ناوی ئەوناپاکە بهێنێت،تەنانەت دوای هەرەسی ژەمی سەددامیش ئامادەنەبوو تۆمەتی لێبکاتەوە.لەوکاتەدا پێنجەی تاوان بۆ یەکێک لەم سێ گۆرانبێژانە دەژدەکرا کە لەو ئاهەنگەدا بەشداربوون ئەوانیش سعدون جابر،ریاض احمد،حمید منصوربوون.
تا دەهات فشاری موخابەراتی عێراقی لە باوەزخانەکەیان بە سەر هونەرمەند و هاوکات بە دەسەڵاتدارانی کوێتیش تووندتر و زیاتر دەبوو ،جا پەدەچێت لایەنی کوێت و خودی فوئاد سالمیش گشتبێ ئەو

قناعەتی کە دەبێت کوت بجێ بهێڵێت.وەرای ئەم مەترسیانە سەددام حوکمی لەسێدارەدانی بە (غیابی) بەدەرکردبوو، چونکە هەردەرفەتکی بە بەخسایە هەرشی تووندی دەکردە سەر ژەمی بەعس و خودی سەددام. وەک خەی ئاماژەی پێدابوو ،لە بنەیەکی عەرەبیدا کەسەک لە باوەزخانەوە جپەدچێت پیاوی مخابرات بووبێت،دەتەلای و بەهەمنی پەی دەکێت{هەرچی دەکێت دژ بە دەسەاتتی بەعس بیکە تەنها شتەک داوات لێدەکەم هەرش مەکەرە سەر سەرەک سەددام چونکە ئەنجامەکەی باش نابێت}.ئەویش داواکەی پشتگوە خستبوو.
لەوانیە بەکار ئاسانی سەفەر ، کوتیەکان پاساپەرتی کوتیان پێدابێت، چونکە ئەو خاوەنی هیچ پاسپەرتەک نەبوو. ئەوەبوو بەر لێداگیرکردنی کویت لەلایەن سەددامەوە کوتی بجهەشت .پاش بجهەشتنی کوت لە قوبرس و ئەمریکاو سوریا ژیا.لەکەتایدا بێیکجاری لە دیمەشق جگیر بوو .بەهەی ئەوەی هونەرمەندەکی خاوەن جەماوەر و بەهەوەست بوو، حکومەتی سووری هەزی لەگرت و پێداویستیەکانی ژیانیان بە دەستەبەرکرد.
شایانی ئاماژەیە پاش ڕاپەڕین و کشانەوەی دامودەزگاکانی بەعس لەکوردستان، هونەرمەندی کەچکردوو چەندین جار لەهەگەی فەشخاپورەوە سەردانی کوردستانی کردو لەچەندین باژەر ئاهەنگی گەڵا ،بەتایبەتی بەیادەکانی دامەزراندنی حیزبی شیوعی.
پاش کەوتنی دیکتاتەرو ژەمەکەی بەردەوام سەردانی عەراقی کردوە ،هەر لەوە لێیەکەم سەرانیدا پاش ٢٤ ساە بێیکەمجار بەدیداری [نغم]ی کچی شادبووێوە.
بەنسبەت فوئاد سالمەوە کەوتنی سەدام ، ئاسودەیی و دیموکراتی و خەشگوزەرانی بە عەراق نەهەنا،تەنها هەندەبوو دەسەاتەکی لەدیکتاتەرەکی ناسیەنالیستەتەوە گەڵا بە دەسەاتەکی دواکەوتوی شیعەمەزهەب کە تەوانینیان بە هونەر و هەزری چەپ لەسەدام خراپترە، بەیە بیرەکەی گەڵانەوەی یەکجارەکی بە عەراق لە مەشکی خەی دەرکرد.
وەک خەی دەڵێت کاربەدەستانی عەراقی دوای سەددام هیچ ڕێزکیان نەبەخەم نە بە مەژووی هونەریم و نە بە تەکەشانم دژی دیکتاتەر دانانا،دەڵێت بە گەڵانووەی مافەکانم کەسەددام زەوتی کردبوو{بەنمونە خانوەکەی لە بەسرە}، چەندین جارو چەندین مانگ هاتووچۆیان پەم کرد،لەکەتیدا هیچم بە نەکرا،لەم بارەوە دەڵێت بەئەوەی بیسەلمێنم کە ئەراقیم داوای [کارتی بەشخەراک]یان کرد لەم، وەی خەی گووتی لەژیانمدا کیلۆیەک شەکرم وەرنەگرتوە ،خاوەنی هیچ شتەک نیم گەر مەترەک زەویش بێت، ئەستا ئەمە چ داوایەکی بێمانایە.

لە کۆتا ساڵانی ژیانیدا هونەرمەندی مەزن دووچاری نەخۆشیەکی سەخت بووبوو،هەر بۆیە چەندین ساڵ لە چالاکی هونەری دابڕا بوو یا زۆر کەم بوو.دوا کاری هونەری کۆنسێرتێک بوو لە بەغدا کەساڵی ٢٠٠٧ ئەنجامیدا.
بۆ لەکۆچی دوایی بەچەند هێڵێک ژمارەیەک هونەرمەندی عێراقی لەبواری جیاجیاکاندا لەنوێیاندا سەعدون جابر لە نەخۆشخانەی دیمەشق سەردانیان کرد و مەدالیای ڕێزیان پێ بەخشی کە کۆتایی[الشرقیە] گرتبوویە ئەستۆ.
ئەم هونەرمەندە بەهەواڵیستە لە هەکەوتی ٢١/١٢/٢٠١٣ لە نەخۆشخانەیەکی دیمەشق لەتەمەنی (٦٨) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .
لەپاش خۆی خەرمانێک لەگۆرانی و ئاواز و شیعری بەجێهێشت،هاوکات سمعیەکی بەرز و شانازیەکی مەزن و هێزێکی زۆری وەک سەرمایەیەکی پێ بەهاوبایخ لەدوای خۆی بەماێوە.
ئەو یەکێک بوو لەو هونەرمەندانەی بیروباوەڕەکەی نەگۆڕاوە بە هیچ دەسکەوتێک ،ترساندن و فشارو هەڕەشەو هەوڵی کووشتن چەکی پێ دانەدا ، بەسەربەرزی ژیاو بەسەربەرزیشەوە کۆچی دوایی کرد.
هونەرمەندی کۆچکردوو خاوەنی کەمێک بەهرەبوو لەوانە: چەینی گۆرانی بەهەموو شێوازەکانی باو لە عێراقدا،ئامۆژگانی عودو ئەکۆردیۆن،ئاوازدانان ،شیعر[خاوەنی سێ دیوانی چاپکراوە]، نواندن و بەشداری لە فلیمداو هەڵگۆڕان لەچەندین ئێپۆرێتدا.

چیرۆکی گۆرانی {مەشکورە}
پاش ئاوەی فوئاد سالم لە پەیمانگای هونەرجوانەکان وەک وانەبێژ دەردەکرێت،هاتوچۆی بینای ئیزاعەوتەلەفزیۆنی لە قەدەغەدەکرێت،هەروەها هەڵگرتنی پێناسەن لەهیچ شوێنێک گۆرانی بڵێت ،تەنانەت جارێک لە هەڵەکی ئاهەنگ دەتە دەرەوە بەکلکە دەمانچە سیمای خوێناوی دەکێن و هەر لەوێشدا هەڵەشەی کووشتنی لێدەکەن.وەک پێشتر ئاماژەم پێدا بۆی دەردەکەوێت کە ژیانی بووتە دەزگا ،بۆیە بۆیاری دەربازبوون دەدات. مەسەلەی سەفەر لەگەڵ هاوژینەکەیدا(مي جمال) کەئاوێش لەبواری نواندنا کاری کردوە باس دەکات ،بەڵام ئەو هەتی دەکاتەوە .{ دەنگۆیەک لەئارادابوو کە گوایە لای ئەمن خەبەری لێداوە کە نیازی سەفەری هەیە بەڵام بەبەوای من ئەمە دوورە لەڕاستیەوە،چونکە گەرکارێکی وای بکردایە بەرلەسەفەر دەستگیریان دەکرد}.
مانگی دەسەمبەری ساڵی ١٩٧٨ سەفەری کۆتایی دەکات ،پەدەچێت زیرەکانە کۆتایی هەڵبژاردبێت چونکە سەفەری عێراقیەکان بە کۆتایی ئاسایی بووە و جێگای گومان نەبووە.

لە ساڵی [١٩٨٣] لەکویت ئەلبومەک دەردەکات بەناوی[مشکورە]
ئەم گۆرانیە شیعرو ئاواز و ئەدای هی خودی خۆی بووە .
لەدایک بوونی ئەم گۆرانیە لە ئاکامی ئەو هەواڵە ناخۆشبوو کە پێی دەگات ئۆیش هەواڵی جیابوونەوەی هاوژینەکەیتی لێی {مي جمال} .
پەدەچێت ئەم جیابوونەویە پلان و فشاری دەزگاداپڵۆسێنەرکانی بەعس بووبێت و ئۆیش نەیتوانیبێت جڵەجڵی نەکات.دیارە مەبەستی موخابەرات لەم کارە ئازاردانی دەروونی بووە.
کاریگەری قوڵی دەروونی لە سەر هونەرمەند بەهەی ئەو هێزو خۆشویستیەوە بووە کە بە هاوژینەکەی هەیبوو . وەک لە وشەکانی گۆرانیەکەدا دەردەکەوێت هەرچی هیواو چاوەڕوانی و ئایندەی پێ ئومێد هەیە هەرس پێدێنێت .
ئەم مرۆڤە هێندە هۆشت بەرز و دڵپاکە، هەشتا بەزمانی هێزو شارستانیەوە موخاتەبی دەکات ،هیچ وشەیکی بریندارکەر بەکار ناهێنێت ،بەڵکو بەپێچەوانەوە هیوای ئاسودەیی بەدەخوازیت و بەجوانترین پێیف ستایشی دەکات . تەنها گلەیی ئەویە کە دڵێت (چاوەڕێم دەکرد گەر بەدرێش بوایە داوای لێبوردنت بکردایە).
ئاستە هاوژینەکەی بەوەفایی بەرامبەرری نواد و لێناخەوە زامداری کرد ،بەڵام بووە هەکاری لەدایکبوونی شاکارێکی پێغەم کە هەرگیز لەیادەوەری گۆگرانی فوئاد سالمدا کاە نابێتەوە،گۆرانیەکە پەاوپێ لەهەستی بەئازاری دەڵکی شکاو،ئەستەم کەسێک جارێک گوێی لێبگرێت و دووبارەی نەکاتەوە،ئەم گۆرانیە لەووی شیعروئاواز و ئەداوە لەترپکدایە.
سەبارەت بە هاوژینەکەی ،واتە {مي جمال} لە ساڵی [٢٠٠٥]دا لەتەمەنی [٦٠] ساڵیدا بە نەخۆشیی کەچی دوایی کرد.
[[نغم]] ی کچیشی کە شانکارو دەرهێنەرێکی بەتوانابوو ئۆیش تاادەیەک چیرکی باوکی لەکنی دووبارە بوویەوە ،بۆی لە بوارکەی خێدا زۆر دژایەتی دەکرا ،تا ناچار بوو ئیراق بەجێ بهێێت و لە تورکیا بگرسێتەوە.
بەداخەوە ئەم هونەرمەندە لەهاتوە بەهەی نەخۆشیەوە ساڵی (٢٠٢١) لەتەمەنی ٤٨ ساڵیدا لە وەاتی غەریبیدا کەچی دوایی کرد.

تەکستی گۆرانی شکورە

.....

هاي تاليتها صفيت هيجي وبسرعة مشيتي
رحتي وحتى بالكذب وبالكذب ماتعذريتي
لالالالالالالا...لالالالا
خفتي الله ولاحسبتي حساب حوبة دمعي وقليبي وخطيتي

شرد اكلج غير وانا مسافر لديرة غرب
مشكورة تردين ماقصريتي
جنت اشوفج يقظة باحلام السعادة
ودنية مليانة امل
وجنت اشوفج فرح عمري وشمع ليلي
ودهر ايامه عسل
هدمتي بية اشما بنيتي
وكتبتي بية اشما محيتي
يعني شفتيني رجيجي الحال يمعودة اشتفيتي
مشكورة تردين الصدك ماقصريتي
الله يهديك بشبابج غير هاذة شرد اكول
بعد ماضل لي عتب
وانتي والايام صرتي ضيم ضهري والعذول
عجب ياحبيبة عجب
الله يهديج بشبابج غير هذة شرد اكول
بعد ماض لي عتب
وانتي والايام صرتي ضيم ضهري والعذول
عجب ياحبيبة عجب
هدمتي بية اشما بنيتي
كتبتي بيه اشما محيتي
كتاب بيتج جان حرف واحد ما قريتي
مشكورة تردين الصدق ماقصريتي

سەرنج/ هەر بەزەک بخوازێت گوێ لێ گرانی [مشکور] بگرێت دەتوانێت لێ یوتوب بۆاسانی بیدۆزێتەوە.

گران هەبجەیی

گفتووگۆ لەگەڵ شاعیر و ڕۆمانووسی عیراقی (دنیا

میخائیل).. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا کردوویە بە کوردی

دنیا میخائیل: دەنووسم بۆ ئەوەی شت نەبم

شاعیر و ڕۆمانووسی عیراقی (دنیا میخائیل) کە ئێستا لە زانکۆی ئۆکلاندی ئەمریکی زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە. پەیوایە ئەدەب و هونەر دەتوانێ دەنگی پەراوێزخراوەکان بێت. ئەو هەر لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سااڵی 2001 لە بواری مافی مرۆڤ خەباتکراوە. لە ساڵی 2017 بەسەرهاتی پە ئازاری ئافرەتانی یەزیدی شەنگاری ژێر دەستی داعش بە ناوی (لە بازاڕی سەبییاندا) کە چەن وەك سەبایەی جەنگ ماموستایان لێگەڕە دەکرێت، چاپ و باڵاو کردەتەوە.

پ/ بۆچی دەنووسی؟
دنیا میخائیل/ بە ئەوەی شت نەبم.

پ/ کتێبەکەت (لە بازاڕی سەبییاندا) بەگەنامەیەکە لە بارەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتانی یەزیدی، ئایا تۆ بەوانامەیەکی فیکری بە خوێنەر دەبەخشیت، کە مێژوو و ڕووداوەکان و کەسایەتییە حەقیقییەکان لەخۆدەگرێت، ئایا تا چەند لەو ژانوژوارە نزیکبوویتەوە؟ ئایا لەو ڕەگایەوە دەتوانێت مێژووی وسبەلەکراوەکان بناسێنی؟

دنیا میخائیل/ سەبایەکان و فرۆشتنیان لە بازاڕدا مەسەلەیەکە قابیلی لەبووردن نییە، بۆیە بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان شیعر، پەخشان، گۆرانەوە... وەهامی ئەو ستەمەم داوەتەوە. خەم سەردانی شوێنی ئەو کارەساتە گەورەیە(گوندی شەنگار) کرد و لە نزیکەوە قسەم لەگەڵ ژنانی هەڵاتووی ژێر دەستی(داعش) کرد و گوێم لەو پیاوانە ڕاگرت، کە لە مردن ڕزگاریان ببوو. چیرۆکەکانیان لە خەیاڵ سەیرترە، هەموو ئەوانەم وەك بابەتێك لە (بازاڕی سەبییان)دا نووسیەوە و دواتر لە ڕۆمانی (تاتەی باڵندە) کارم لەسەر کردوە، من بۆیە قەڵەم چەن دەبەمە دەنگی پەراوێزخراوەکان؟ قەڵەم بەسەر چەکدا سەردەکەوێت، قەڵەم بەرهەنگاری زەمەن دەکات، هەمیشە وشە وەك چەك دەنگدانەوەی هەیە.

پ/ لە دنیای هاوچەرخدا واقیعی ژنان چەن دەبینی؟
دنیا میخائیل/ ئێستا واقیعی ئافرەتان لە ئاستی پەویستدا نییە،

نك هەر لە نیشتمانی عەرەبی و بەس، بەڵكو لە هەموو شوێنكی دنیادا. هەتا ئێستا ئافرەت وەك رەگەزی دووەم لە پێناو رەگەزی یەكەم بەكار دەهێنرێت. هەبەتە هەر لە بنەڕەتدا كەمێگای باوكسالاری ئەو نەخشەیی كێشاوە، بەڵام كەمكەك هەن باشترن.

پ/ بە لای تۆ خەسڵەتكانی خوێندنەری نموونەیی چیین؟

دنیا میخائیل/ خوێندنەری نموونەیی لەسەر وەڵامی نووسەر ناوەستێ، بەڵكو پرسیار دەیوەژێنێ، لەسەر رازیبوون و بەرهەمهێنانی كەسیەكان دەوەستێ، خوێندنەوەی كارلێككەری ئیبداعی لە نووسینی ئیبداعی كەمتر نییە، گشت داهێنانكانی ناو نووسین بە ئەو خوێندنەوەیە دەگەڕێتەوە.

پ/ شێوەی ئەو نیشتمانەی خەونی پێوە دەبینی چۆنە؟

دنیا میخائیل/ وەك ئاسمان، پێ لە باڵندە، هەڵدەفڕن دەڕۆن و دەگەڕێنەوە، دەنیشنەوە، ئەگەر لەسەر درەختێ نیشتنەوە هەڵشەی پێكرانیان نییە.

پ/ بەرگری رەمانكی دنیا میخائیل (جەزیرە)، شكەی ژیان، مافی بوون، ستەمی كەمایەتی، دیكتاتۆری هەرمایەتی، ئافرەتانی گەندە، هەموو ئەو بابەتە مشتومخوازانە لە كارە شیعری و رەمانكانتدا لە دەرگایان دەدرێت... ئایا تا چەندی دیكە بە مرۆڤەوە سەرقاڵ دەبیت، تا چ سنورە بەهای مرۆڤایەتی لە كارەكانت دەردەكەونەوە؟ ئایا دەشێ كارەكانت وەك بەرگەنامەی كەمایەتی مێژووی عیراقی هاوچەرخ تەماشا بكرێت؟

دنیا میخائیل/ نازانم، دەشێ هەموو كارەكی ئەدەبی بەرگەنامەی مێژووەكی دیاریكراو بێت، لە كەتاییدا هونەر كلیلی ژیانی سەردەمكی دیاریكراوە و بیرەوەرییەكان لە ئێستاوە بە ئایندە دەگوازێتەوە، ئالێرەدا بایخی هونەر دەردەكەوێت، سەبەری كاریگەری زەمانەكان دەبڕێت، هەروەها رووییەكی دیكەی ئایدیاڵیزیا دەگەیەنێت، رووییەك كە دەسەڵاتداران و بیری یەكتایی بەرەوی پەدەدەن.

پ/ لە كەمە شیعرییەكانت (شەوانی عیراقی) و (جەنگ) بە جیدی دەردەكەوێت و میمەری جەنگ درێژكانی مرۆڤی عیراقی نمایش دەكەیت، ئایا شیعر لە توانایدایە هەموو ئەو وێنە پە ئازارانەی جەنگ لەخۆبگرێت؟

دنیا میخائیل/ قەسیدەكانم بەتە واقیعی ئیستاتیكیمان، كە لە واقیعی پە لە ئازار هەڵقوواون.

پ/ عیراقت بەجۆهێشت و دوور لە نیشتمانكەت بە قەناغكی دامەزراوەی و گرنگی ژیانتدا تێپەیت، بەڵام عیراق بە كەلەپوری

شارستانی و غەمی جەنگکانییەوە ئامادەیە... ئایا نووسین دنیابینییەکی هاوتای ئەو واقیعەی پشکش کردووە؟
دنیا میخائیل/ سی ساڵی سەرتای تەمەنم لە عیراقدا ژیام، سەبارەکانی لە یادەوەریمدا ماونەتەوە، سەبری جەنگ و جوانی و خاپووربوون، مەژووی وەاتەکەم و هەموو ئەو شتانەی تێیدا ژیام و جەمهەشت، ئایا چەند پەیوەندی بە نووسینەکانمەوە هەیە، من هیچ بیریان لێناکەمەوە، لە هەموو نووسینەکدا جەکەوتەی مەژووییەکی دیاریکراو هەیە. بە بەوای من هەموو ئەو شتە وردانەی تەماریان دەکەم، لە کاروبارە گەورەکانی ژیاندا رەنگدەداتەوە، مەژووی نیشتمانەکەم بە سەرتای مەژووی جیهان دەگەێنێتەوە، هەموو ئەو شتانەی لە جیهان رووياندەوە، یەکەمجار لە نیشتمانەکەی من رووياداوە، من کاتێك شتێکی نوێ دەنووسم هەستدەکەم دەست لە ساتی دەزینەوەی یەکەم دەدەم.

پ/ دەشێ ڕەمان کار لەسەر رووداوە مەژووییەکان بکات، بەڵام نەك بە ئەوەی ڕاستیان بسەلمێنێت، بەڵکو بە ئەوەی کاریگەری ئەو گەڕانکارییانەی کە بەسەر کەمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاتووە، بیگەیەنێت، ئەو مەسەلەیە چۆن دەبینی؟
دنیا میخائیل/ بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، ڕەمان تەنها ئەوەمان پێناڵێت کە رووياداوە، بەڵکو ئەو کاریگەرییانەش دەخاتە روو، کە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە، ڕەمان هەر تەنها جەخت لە مەژوو ناکاتەوە، بەڵکو سەبارەکەشی دەپشکێ، ئەوەش جیاوازی نووسینی ڕەمان و نووسینی مەژووییە، کەواتە لە بنەڕەتدا بایەخدانی ڕەمان بە واقیعی مەژووییە، لە پێناو بەدواداچوون و جەکەوتەکانیەتی بەسەر ئیقاعی ڕەحدا.

پ/ لە ڕەمانی (تاتەی باڵندە) ڕەهەندە ڕەمزی و مەژووییەکانی ئەفسانەی (نەهەنگ مانگ قووتدەدا)ت بەکارهێناوە، کە بەسەر ژیانی ئەو گەڵدا هاتووە... بە ڕای تۆ ئایا ئەو ئەفسانەیە لەگەڵ تراژیدیای یەزیدییان یەکدەگرێتەوە؟ (ئەفسانەکە دەڵێ: ڕۆژە لە ڕۆژان مانگ شەوێ خەڵکانێکی ڕازاندبەوە و لە ڕوخساری ماندووییان ڕامابوو، تا ئەو پەڕی جوانی جوانبوون، وەك جوانەکانی نیشتمان. بەڵام بە بیری کەسدا نەدەهات نەهەنگی نەو دەریا بوورە بچێتە ئاسمان و مانگی دڕوشاوە قووت بدات و شەوی ڕەناك تاریك بکات)
دنیا میخائیل/ بەکارهێنانی ئەفسانەی (نەهەنگ مانگ قووتدەدا) و ڕەورەسمەکانی بە شێوەیەکی شەعبی لە عیراق جێبەجێ دەکرێت، نەك تەنها لای یەزیدییەکان.

پ/ بە بڕوونی من مەدلولی کلتوری و مێژوویی ئەفسانەی شەعبی (نەهەنگ مانگ قووتدەدا) پەیوەندی بە دەخکی قەیراناویدا هەیە، کە بەلای کەمی مێژووی عیراقی هاوچەرخی پەدا تێپەیووە.

دنیا میخائیل/ لە رەمانکەی مندا ئەو پرسیسە شەعبییانە پەیوەندییان بە جەنگ و ئەو کارەساتانەوە هەیە، کە بە شێوەیکی گشتی عیراقی پەدا رەیشتووە، بەیە دەبینین کاراکتەرکانی رەمانکانم هەوەدەدەن ترسی سەر مانگ کەمبکەنەوە، ئەوە هاودژییەکە و من تا سەر ئێسقان کارم لەسەر کردووە، لەلایك ئەوانە تانە لە نەهەنگەکە دەدەن، نەك لەوانەی ئەو سیاسەتیان داشتووە، لەلایکی دیکە هەوە بە رزگارکردنی مانگی ترساو دەدەن، بەڵام تا دوێنە ئەوان خەیان پەویستیان بە رزگار بوون هەبوو.

پ/ دایکایەتی چی لە تە گەیی؟

دنیا میخائیل/ وای کرد پەرتتر بم، لەبەرامبەر سەختی ژیان بەسەزتر بم.

تەبینی: ناونیشانەکەم گەیووە.
سەرچاوە: خلود الفلاح
الجزیرە- 3/4/2023.

مردنی پلاستیکی

لە منداڵیمدا
لە بەغداد
گەمەی مردنمان دەکرد
بە چەکی پلاستیکی
یەکەك ئەویدیکەی دەکوشت
لەسەر زەوی
وەك لاشەی مردوو رادەکشاین
خولەکەك
دووان
پاشان یەکەکمان پەدەکەنی و
مردنی پلاستیکیمان جەدەهێشت
دەستی یەکترمان دەگرت
وەك ئەوەی دەستی ژیانمان گرتبێ
هەدەستاینەوە
یاریەکی دیکەمان دەکرد
وەك ژمارەی لەتە ساڵان تێپەین

بەغداش بە منداڵیمانەوە
بەسەرچوو
چووینە تاراوگە
لە دوورەوە منداڵانمان دەبینی
لە ئێمە دەچوون
یەکێك ئۆویدیکەی دەکوشت
بە بە جوولە رادەکشان
بەڵام هیچیان پێنەدەکەنین
هیچیان دەستی بە ژیانەوە نەدەگرت
هەڵنەدەستانەوە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا کردوویە بە کوردی

میدیا، ئەهریمەنی کۆمەڵگەی مەدەرن.. نوسینی: سەلین برایەن.. لە فەڕەنسییەوە: ئاراس سەعید

زۆرێک لە بیریار و فیلەسوفەکان، میدیا بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە هەکاری هەموو خراپەکارییەکانی سەر زەویین، یان زۆر لەهەکاری خراپەکارییەکانەوە نزیکە. لە کۆمەڵگەی دیجیتاڵیدا، ئێمە بەو شێوەیە خۆمان دەبینینەوە کە هووبووی جۆرێک لە ئامێری شەیتانی دەبینەوە، کە توانیوێتی خەی لە دەستی دروستکەرەکەی ڕزگار بکات. ئەمەش کاریگەرییە زیانبەخشەکەی هەها کردووە، بەجۆرێک مرۆڤ ناتوانێت، خەی لەی قوتاربکات. (وەکوو چۆن شەیتان خەی لە خالیقەکەی ڕزگارکرد و خراپەکارییەکانی هەها بوو… وەرگێ). هەخنەگرتن لە میدیا، هەمەچەشن و جۆراوجۆرە، هەندێک لەخنەگران لە نمونەی (ژان بودریار) جەخت لەسەر ئەو گەانکارییە دەکەنەوە کە لە پێیامەوە بەخودی (میدیەم) ئامرازی بەاوکردنەوەدا تێدەپەڕێت، بە مانایەکی دیکە، ئەوەی لە ناوەکەوە لە قاڵب دەدرێت. (Sfez

and Coutlée 1990). لە پێچەوانەکردنەوەی ئەولەویەتکاندا (ئامرازەکان دەگەڕێن بۆ ئامانجێک لە خۆیدا، میدیایەک جێگەی پەیامەکە دەگرێتەوە. بەدڕبەختانەکی دیکە، میدیاکە شوێنی پەیامەکە دەگرێتەوە. ئەم سیناریۆیەکە، کە تیۆریستی کۆندی (مارشال مەکلوهان) لە سانایی شەستەکاندا خستوویەتی ڕوو)، (میدیەم بەرلەوەی شتێک بگەیەنێت خوودی خۆی دەگەیەنێت. یان میدەم خۆی، بریتیە لە پەیامەکە… وەرگێڕ) لە ئەنجامدا جیهانێک دروستدەبێت کە لە هەموو ڕەسەنایەتییەک بەبەشە، هاوشێوەی گوندزی بەش، وەکوو ئەوەی (ئابۆلایس) دەڵێت: "مەخی جوهەری"یان بەتاڵ کراوەتەوە. بە کوورتی، ئەم لە جیهانی دیجیتاڵدا ڕووبەڕووی گەمەیەکی ڕاڤەتی دەبینەوە، وەکوو ئەوەی (بەدریار) بە "سیمولاکرا" ناوی دەبات، واتە ڕووکاری بەش، ناوەڕۆکی خالی یان نا قووە، وەکوو ئاوێنەیەک کە تەنیا خۆی ڕەنگ دەداتەوە و لە پشتیەوە هیچ ڕاستیەک بوونی نیە.

(ڕەجیس دیبرای) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕایە و هانی هاوچەرخەکانی دەدات کە "کەمتر پەیوەندی بکەن و زیاتر بگوازنەوە". ئەم نووسەرە لەو بنەمایەوە دەستپێدەکات کە کایەی میدیایی ئێستا لایەنگری پەیوەندییەکانە، واتە سیستەمێکی زانیاری کاتی، کە لەسەر پانتایەکی فەزایی ئاسایی پەرەدەستێنێت، لە بەرژەوەندی هاوکاتی و لە هەموو شوێنکەدایە، نێک دیاکرانی و بەردەوامیی بەهاکان، ئیمتیازاتی گواستنەوە، کە پانتاییەکی کاتی، ڕاست و چەپی پێ باشترە. ئەم کەمەگایەک دروست دەکات کە تاکەکان بەواڵێت لەیەکیدیەوە نزیکتر بن، بەهەی ئەو میدیایانەی کە ڕێگە بە ئامادەبوونی ئەوانە دەدات کە لە دوورەوە دەچنە نێو پەسەی کەمینیوکەیشن و (ئامادەبوونی مەجازایی)ەوە، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر نامێن بە یەکتری، لەبەر ئەم هەکارەیە کە وازهێنان لە بەستنەوە بە مەژوویەکی هاوبەش، بەهەی یادەوەری زنجیرەی نەوەکانەوە، کە گەرانتی هاوبەشکردنی میراتێک و پاراستنی نەریتەکان دەکات، 'ئاوگەڕ' ناکەن، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی پارچەپارچە و ڕووکەش بەشداری دەکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن بەڕاستی پێکەوە بژین. لەڕشەدا دیسانەوە ئامرازەکانی بەهاوبوونەوە مادەکانیان لە زەوت دەکات و پەیوەندیکردن دەبێتە ئامانجی کۆتایی پەیوەندیکردن، لە مەیلی (ئۆتۆفاژیک)دا ئەو پزیشکە بەناوبانگەی کە سەرەڕای ئۆش وریایە نەهێشت بەلاڕەدا بچێت لەلایەن ئەفسانەی دەوروبەری میدیاسفەرەوە، بەردەوامە لە ڕەنگدانەوەی خۆی بە پەدانی هەز بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بە ئەوەی خۆیان لە دروستکەرەکەیان جیاز بکەن و دواتر بە نەرە کار لەسەر ئەوە بکەن، بە بەرهەمهێنانی کاریگەرییە پێشبینی نەکراوەکان کە دەستکاریکردنی

شەوازی بوون و بیرکردنەوەی مرۆڤ. (1991، ل105-106).
هەندێکی دیکە لە تەواوکاری ئەم بۆچوونانە، شیکارییە ڕەخنەییەکانیان بەرامبەر ئەو شێوازەی زیانبەخشی واقیع ئاراستەی دەکەن، کە میدیا دەیخاتە ڕوو. ئەمە وەکوو ئەو حاڵەتەی (لوسیەن سفەز) ئاماژەی بۆکردووە، کە جگە لەم ناسروشتکردنە، هەما بە ئەو سەرلەشێواویە دەکات کە لە مشکی مرۆڤدا لە نێوان ڕاستی خام و نوێنەرایەتیکردنیدا دروست دەبێت، بەم شێوەیە توانای حوکمدان و تێگەیشتنەکی دەگۆڕێت. هەموو ئەم توخمانە تایبەتمەندییەکی تاڵاژی کەمەگەی میدیاییەکانمان پەرەپێدەدەن، "تاوتیزم"، نیوەڵاژیزمێک کە پێشگر و پاشگرەکەی مایلێک بەرەو تاوتەڵاژیا ئاشکرا دەکات، واتە خۆئاماژەکردن، وەکوو سەرچاوەیەکی ئەتیزم، بە زیندانیکردن لە گەردوونێکی خەیاڵیدا.
شێیتانی میدیا، وەشانێکی مۆدێرن و ماتریالیستی بوونەوەری خراپەکاری، کە بەیار بوو مرۆڤکان دابەش بکات و لە حەقیقەتە، ڕزگارکەرەکە دووریان بخاتەوە بە هەی نوقمکردنیان لە وەهمدا وەکوو(ئیتیمەڵاژیای dia-bolos , لە سەردەمی کۆن و گەرمی ئایینیدا لە ترسەکانی سەدەی ناوەڕاستی عەقڵ)بەڵام ئایا ئەم کاریگەرییە کوشندەیەی میدیا دەرئەنجامی بیروباوەڕێک نییە، کە هەندەی ئەو باوەڕە مندااڵنەیەی کە وایکردووە باوباپیرانمان خراپەکوو بوونێکی ئازاد و بەهرەمەند بە پرسێکی ئۆقیانی بزانن، لە کاتێکدا ئەوە تەنها بەرهەمێکی خەیاڵی بوو. خەمی ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی ئەم جیهانە و سەرچاوەی ئازارەکانی مرۆڤ، کەوایکرد ڕق لە کەڵە سەری بزنێکی قوربانی بگوازێتەوە بە کاریگەرییە کاتارتیکەکان؟

میتەڵاژیای تەکنەڵاژیا

***سزادانی پەرمیتە و دابەزینی ئادەم و حەوا لە ئاسمان**

پەیوستە بە دەستنیشانکردنی ئەو ڕەخنەیە دەستپێبکەین، کە دەکەوێتە سەر میدیا. ئەمەش لەڕگەی هەندێک زنجیرەی میتەڵاژی و ئەدەبیی کەمەگەی کولتوورە زارەکییەکانەوە. دەستپێک سزایی (پرمیتە) باوکی شارستانیەت، کە مرۆڤی لە سروشت دابڕاند و بە مومکینکردنی هونەر و بناغەسازی کولتوور، مرۆڤی لە دەرەوەی ئاژەڵبوونی پەروەردە کرد.
"پەرمیتە" لەلایەن" زیەس"ەوە بە تونەدی سزا درا بەهەی ئەوەی ئاگرەکەی دزیوە و بەخشیوێتی بە بەشترین بوونەوەری سەر زەمین. ئاگر وەکوو ستراکتاری تەکنیک، بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو توخمەیە کە تەکنیک لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لانیکەم (sine qua non) لە

هەموو تەکنیکەکدا، ڕەگ بە کشان و خاوکردنەوەی کانزاکان خۆش دەکات، بە دروستکرووەی ئامێر، دروستکردنی چەک، دواجاریش تەکنەلۆژیا و لە ئێستاشدا میدیا…تاد
ڕەنگە ئەمە لە لەکدانەوەی حوکمی زیوس، بەهەدا چووبین، کە وەکوو چارنووسێک بە ئەو کەسانە تێرخانکراوە کە یاسایان شکاندووە و قەدەغەیەکیان پشێل کردووە. پرۆمێتە تەنها دزێکی سادە نییە، زیاتر لە سەرپێچییەک لە کردەوە و سەرپێچییەکیدا بوونی هەیە، سەرپێچییەکی شاراوە بەئام حەتمی، چەواشکارییەک هەیە، بەرزبوونەوەیەک و دابەزینێک. بە مرۆڤکردنی ئەوان، هەروەها بەتاوانانی لە بەتاوانی سەرکی خەیان بەبەش کرد، بەیە دەتوانرێت پشکەوتنی فیکرییان وەکوو پاشکۆیەک هەژمار بکرێت، ئاگر بەختەوەری وەکوو پەورەکی پەوانی وەربگرین، پانرا و سندوقە بەناوبانگەکی، کە هەموو ئەو بەدبەختیانەی مرۆڤایەتی زاڵ دەکەن و لێیەوە سەرچاوە دەگرن.
هەروەها هاتنە ناوەوەی میتەلۆژیایی (ئادەم و حەوا) بە نەو کایەی مەعریفە، کەوتن و بەربوونەوە ئەوانی هەنایە ئاراوە لەوەی کە لە نائاگایی شیرینی پێیوەست بە بەهەشت دەربەر بوون و لە خودا یاخی بوون. (یاخی بوونی مرۆڤ لە خودا، یەکەمیین کردەی ئەقڵانی بوو، کە بەدبەختی و دەربەدەری بە مرۆڤ بەدیهێناە… وەرگێ)
بە هەمان شێوەش خاوەندارێتی ئاگر (کە دەتوانێت هەمای چراکانی زانین بێت، بە پێچەوانەی تاریکی و نەزانی). لە هیسیەددا هاوتایە لەگەڵ کەتایی سەردەمی زێرین کە کرۆنۆس حوکمڕانی دەکات و سەرەتای سەردەمێکی ئازاربەخشتر. پرۆمیتە وەک ئیکارۆس، لووتبەرزی و زیادەڕەوی و سەرچاوەی بەدبەختییە، کە سروشتی زانست بەرجەستە دەکات.
ئەفسانەی دووەم کە ڕوونترە سەبارەت بەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ دەرکەوتنی میدیادا و دووفاقی ئەم دەزینەوەیە دەسەڵمێنێت، کە پەیوەندی بە لەدایکبوونی نووسینەوە هەیە، کە "پلاتۆ" لە فایدرۆسدا (274 b – 275 b) باسی کردووە. سەکرات ڕوونی دەکاتەوە کە (خودای میسری و ئاسمیلەی نیوە خواوەندی یونانی هەرمەس)، ئەم هونەرییان داهێناوە بە ئەوەی چارەسەرێک بە کەمی یادەوەری و کەموکوڕیەکانی زانست بدەزێنەوە. بەڵام کاتێک دەزینەوەکەیەک دەخرێتە بەردەم تامۆس، پاشای تیبس، ئەمەی دووەمیانی لەم دەرئەنجامانەدا بە خراپ زانی و دووپاتی کردەوە کە پێچەوانەی ئەوەی کە بانگەشەی شێکردن دەکات فەزیلەتکان بە جۆرێک پێچەوانە دەکاتەوە بە ژەهر.
لەم ئارگومێنتەدا، ئەو تەمەتە هەست پێدەکرێت کە ئەمە لەم سەردەمەدا دەیهێنینە سەر میدیا، ئەویش دەستبەسەرداگرتنێک، کە لە

ئەنجامدا دەبێتە هۆی داماڵینی ئەو سیفەتە هزریانەی کە لە مرۆڤدا هەن، هەوبەوبوونەوەیەک لە نێوان "ئایدیاڵەک" گوایە ناوەکی و پرۆسەی دەرکیکردن لە ڕێگەی پشبینی ماتریاڵ کە لە شێوازی دابەزاندنداە ئەزموون دەکرێت: "ئەم هونەرە لە ڕووحی ئەو کەسانەدا لەبیرچوونەوە بەرهەم دەهێنێت کە فێری بوون، چونکە واز لە مەشقکردنی یادەوەری خەیان دەهێنن.
"دانیال بۆگنێ" بە ئاماژەدان بە "ڤیکتۆر هوگۆ" لە نێتردام تا پاریس بە ناوی "سیسی ئەو دەکوژێت"، بە درێژی سەرنجی خستە سەر ئەو تاوانە، کە بە زاراوەیەکی تەواو هاوشێوە، ئاڵاستەی چاپخانە دەکرا، لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەوەندە پرسیار لەسەر تاوانبارکردنی نووسین نەبوو، بەڵکوو پرسیاری گشتاندنەکەی، ستانداردکردنی لایەن تەکنەلۆژیاوە، کە زیان بە هونەری پیرۆزی بەهای نووسین دەگەیەنێت. میدیای مۆدێرن، تەمەتبارە بە کوشتنی کتێب (مۆبایل و کۆمپیوتەر) تاوانبار کراون بەوەی کلتووری زارەکیی و بەهای وشەیەکانیان کوشتووە، بەهای هەموو ئەوانەی کە ئێمە ویستمان باوەڕمان بەوە هەبێت کە بە هەتا هەتایە زیندوون، چونکە هەتا هەتایە لە یادەوەری و لە دەمی ئەو حیکایەت بێژانەی گواستوویانەتەوە زیندوو بوون. بەڵام میدیای نوێ هەموو ئەوانەی کووشت، هەواڵی ڕۆژ هەموو یادەوەرییەکانی کوشت. میدیا بیرکردنەوەی کووشت، هەموو هێستە ئاڵۆزەکانی گیانی بەکەمەڵەک کەمەڵەک هێستی هەواڵی بە مانا.

***میدیا و ساختەکردنی واقیع**
چەمکەکی ئەفلاتوون بە جیهان
کاتێک لە بارەی واقیعی مەجازییەوە دەدوێن، بەناچاری دەگەڕێنەوە بە سەر تێزەکانی (ئەفلاتوون) کە پێش لە دایکبوونی پێشکەوتووترین و بەربڵاوترین فەرهەنگانی تەکنەلۆژیا خراوەتەوو، بە بەردەوامبوونی سیستەمێکی دووانەیی بەهاکان و بابەتەکردنی جیهانی زەمینی و توخمە دیارەکانی. لە کەمەڵەگەی دیجیتاڵیدا، میدیا پێویستە بە شێواندنی واقیع، بە ئاشکرا و بێزەحمەت پەردەپۆش دەکرێت. هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی میدیا، ئەفلاتوون، ئەو هەخنەیی ئاڵاستەی شاعیر و نیگارکێشەکان کرد، کە زەر بە لەهاتوویی سروشتیان تەقلید دەکردەوە، بەم شێوەیە سەرلەشێواویان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروست دەکرد.
تەواوی فەلسەفەی پلاتۆ وەکوو هەخنەی (میمەسیس) دەردەکەوێت، بەدەربڕینێکی دیکە (هەموو تەکنیکەکانی لاسایکردنەوە، لەسەر بنەمای بنەمای دووبارەبوونەوە یان لاسایی کردنەوە خەی مانیفێست

دەکاتەوە) لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەی (ئیماگێ) جگەیەکی پلەی یەک داگیر دەکات. خەیاڵ یەکێکە لە ئامانجەکانی، وەکوو هەر وێنەیەک، کە وەکوو کۆپی واقیعێکی جۆهەریتر تەدگات و بۆ هەیوە دەبێتە بەرهەمهێنەری وەهم. کەمار La République دەوڵەمەندە بە وێناکردن بەتایبەتی ئشکۆتکەی ئەفلاتوون لەگەڵ لێکچوونە بەناوبانگەکەی کە هەمای دابەشبوونی جیهانە بە چوار بەشی بەهای نایەکسان، ئەوانیش بریتیە لە decrescendo ئایدیاکان، ئەبستراکتەکان(ماتماتێک)، شتە مادییەکان و نوێنەرایەتییەکان (1993، VII، 509c-511e، VI، 514-522).

بە لەگەڵ سەکراتدا، لە جۆهەری دارێکی بەرز تێبگەین، کە پێناسەکەی بەهەی پەوانە و فیگەرە ئەندازییەکانەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە هەمیشە دەکەوێتە چوارچێوەی کایەی تێگەیشتنەوە، بەڵام کەمێک تەواو و بە کەموکوڕییەوە بۆ پلەیەی کۆپییەکی سادەی واقیع پێکدەهێنێت. سەبارەت بە دارەکان وەکوو چۆن دەتوانین بیبینین و دەستیان لێدەدەین لە دەوروبەرمان، ئەوان کۆپییەکی واقیعن، لە ماددییەتی فرەیی و دەخی جوڵاودا گیریان خواردووە. بەمجۆرەش، نوێنەرایەتییە وێنەییەکان یان ئەدەبییەکانیان تەنانەت ڕەنگدانەوەی ئەوان لە ئاودا، کە هەشتا ڕەسەنایەتی لەدەست دەدەن، تەنیا پەیوەندییەکی دوورییان لەگەڵ ئایدیاڕ سەرتاییەکەدا هەیە.

سەدەی چوارەمی پێش زایین لە مەژووی کولتووری ڕۆژئاوادا زۆر گرنگە، چونکە پچڕانکی ڕیشەیی لەگەڵ قەناعەتە فیکرییەکانی پێشوودا ڕوودەدات، کە ئەمە بە قەناغی "پێش سەکراتی" ناوی دەبەین. لەردا سەرچاوەی ئەو ئابووچوونەی کە لەسەر ڕواڵەت دەکرێت، چەمکێک کە داهێنانکەی مانا وەردگرێت بە پێچەوانەی جۆهەرێکەوە کە پشتر بوونی هەیە. ڕەنگە میدیا ئەو جۆرە ئابووچوونەی بەسەر نەهاتبایە ئگەر ئەفلاتوون خەی خەی نەدابایەتە بەر ڕەخنەی لاسایکردنەوە و نووسینەوەی فۆرکارییەکانی مامستاکەی.

ئگەر ئناکرۆنیزمێک دروست بکەین، بەبێ ئەوەی خیانەت لە بیری دیالێکتیکی یونانی بکەین، دەبێت میدیای مەدێرن لێنۆ پێلی(درزنەکان، نمایشکارە بوکێییەکان، سۆفیستەکان و وەهمگەرەکان) هەموو ئەوانەی لە کتێبی پێنجەمی (کۆمار) دا ئیدانەکراون دابنین، کە بەهەمان شێوەی شاعیران و دروستکەرانی دیکەی وێنە کە واقیع ساختە دەکات و بۆ هەیوە پەردە لەسەر ڕاستییەکان دادەپۆشێت. ئگەر میدیا لەسەردەمی پلاتۆ دا هەبووایە، بگومان لە شاری ئایدیاڵی (فیلەسوف_شا) قەدەغە دەکرا.

چاپەمەنی و تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێت چی دەکەن، جگە لە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان و نوێنەرایەتیکردنیان یان دروستکردنی

واقیعی مەجازی.
عەیب و کەموکوڕی میدیاکان هەم بە زیادەڕەوی لە بڵاوپێکراوییان دەگەڕێتەوە و هەم بە ئاوەڕی کە زۆر دوورن لە ڕاستییەوە (جگە لە متمانەیی ئاوان بە وردی هەکاری ئاو ڕاستییەیە کە ئەمە پەیمان وایە ڕاستن). وەکوو ئاوەڕی (بەیلە) ئاماژەی پێدەکات، "ڕاستی هێندەکجار ناتوانێت ئاگاری نەبێت". سەبارەت بەوەی کە ئاگاری هەیە، دەکرێت هێندەکجار ڕاست نەبێت. ئەم کێشەیە بە زۆر لە سەردەمی فۆتۆگرافی و تەلەفزیۆندا سەرهەڵدەدات، چونکە توانای ڕاگەیاندنی خەیاڵی هەیە.

خوێنەرێکی نموونەیی.. بەختیار محەمەد

هەخنەگر خوێنەرێکی نموونەییە. خوێنەرێکە تەنها ستایش ناکا، بەڵکو خوێندنەوە و لێکدانەوە (تەئویل) بە دەق دەکا. خوێنەری نموونەیی لە کۆڕ ستایشی بوو ستایشی دەق دەکا، لە کۆشش کەموکووڕیی لە دەق هەبێ ئاماژەی بێ دەکا.

هەخنە بژێنگە دەق لە بژێنگ دەدا: گەنم لە زۆوان جودا دەکاتەوە. هەخنەگر عادەتەن ئەو دەقانە لە بژێنگ دەدا (واتە لێکیاندەداتەوە و دەیانخوێنێتەوە)، کە قورسایی مەعریفی و ئیستێتیکی و ئەدەبی خەیان هەیە.

ڕاستییەکەی خوێنەری نموونەیی و دەقی نموونەیی (باش) تەواوکەری یەکن. هەموو دەقێکی باش، خوێنەرێکی نموونەیی (هەخنەگرێك) لە پشتی ڕاوەستاوە. لەمەوە نووسەر قەرزاربارى خوێنەرى نموونەییە (واتە قەرزاربارى هەخنەگرە). ئایا ئەدەبێکی پێشکەوتوو هەیە بە بێ هەخنەیەکی پێشکەوتوو؟ ئایا دەقێکی نموونەیی هەیە لە دەرەوەی خوێنەرێکی نموونەیی؟ ئایا نووسەرێکی نموونەیی هەیە بە بێ هەخنەگرێکی نموونەیی؟ ڕاستییەکەی هەم داهێنان هەخنە (هەخنەگر) دەخوێنێ، هەم هەخنە (هەخنەگر) داهێنان (نووسەری دەق) دەخوێنێ.

هەخنەگر خەسڵەتی جووتیاری هەیە، کە زەوی بەیار (دەق) دەکێڵێ (دەق وەك زەوی بەیار وایە بەرلەوەی هەخنەگر {خوێنەر} بیخوێنێتەوە و بیکێڵێ)، تا خوێنەر (وەرگر) لە بەرهەمی باش و خراپی دەقی کێڵدراودا (واتە دەقی خوێندراوە و تەئویلکراودا) ئاگادار بکاتەوە و پێیان پیشان بدا و پێیان ڕابگەیەنێ. هەخنەگر لە خوێندنەوەی هەخنەییدا مەبەستی ئەوەیە لە جاری داهاتوودا نووسەر بەرهەمێکی باشتر و دەقێکی باشتر بەرهەم بهێنێ. ئا ئەمە وەزیفەی سەرەکی هەخنە و هەخنەگرە. ئەو نووسەرەی لەم ئەرکەی هەخنە تێنەگا، نووسەرێکە لوتبەرزە ، بێ ئاگایە، دڵگمایە، دڵاوە… تاد.

هەخنەلێگرتن هەرگیز بەواتای کەمکردنەوەی دەق و نووسەرەکەی نییە؛ بەکو ڕێك بە پێچەوانەوە، لە ڕێی خوێندنەوەی بڕێنگیانەوە، گەورەکردنیانە؛ چونکە هەخنە باش (گەنم) لە خراپ (زۆوان) جودا دەکاتەوە. هەخنە ئەم ئەرکە ئەرێنییەی هەیە، نەك ئەرکی نەرێنیی، وەکو هەندێك کەسی (ڕەشنبیر و نووسەر و شاعیر) ی نادیموکراتی قینچکەتەنگ لێی تێگەیشتوون. هەخنە عاشقی دەقە، نەك دوژمنی دەق. واتە هەخنەگریش عاشقی نووسەرە، نەك دوژمنی نووسەر. بەواتای هەخنە دوژمنایەتیی نییە، بەکو دەستایەتییە لە نێوان هەخنە و دەق و لە نێوان نووسەر و هەخنەگردا.

بەختیار محەمەد

دەرهێنەرێکی کورد نهێنیکانی حەشاردنی سەدام ئاشکرا دەکات.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

دەرفەتێکی باش بەمن ڕەخسا، کاتێ دەرهێنەر (هەڵکەوت مستەفا) بانگهێشتی بینینی فیلمی (حەشاردانی سەدام) ی بێ کردم لەدایمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لەدهۆك، کێ بێ یەکەم جار بوو دوای نمایش کردنی فیلمەکێ لەوڵاَتی سعودیێ، لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای دهۆك نمایش بکرێت .
بەسەعاتێك پێش نمایش گێشتمێ هۆڵی نمایشکێ، بڵاَم زۆر بەسختی

لەنێو ئاپۆرای خەڵکی چاوەڕوان، تیمی فیلمەکە راکێشی ژوورەوەیان کردم.
فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای (هێنی فیلم)ی نەرویجی بەهاوبەشی وەزارەتی ڕۆشنبیریی نەرویجی و تەڵەی میدیایی روداو بەرهەم هاتووە.
دەرهێنەر بەفەرمکی دیکۆمێنتاری، سەربوردەی ئێو پیاوێ جوتیارو مەدارێ دەگەڵتەوە بەناو (عەلا نامیق) کە دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام لەساڵی 20003 لەلایەن ئەمریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی، بە ماوەی 235 ڕۆژ سەدام حسێنی لەکەلەگەکەی خەیدا، لەناوچەی (دەرێ لە باشووری تکریت) حەشار داوە، لەکاتێکا (عەلا) ئێو سەرکەشیە بۆزیانی خەی و خەزانەکەی دەکات، کە 150هەزار سەربازی ئەمریکی، بەتانك و فڕۆکە، لەزەوی و ئاسماندا، بەدوای دەزینەوەی سەدامدا دەگەڕێن، جگە لەوەی ئەمریکا بەی 200 هەزار دۆلاری بە هەر کەسێك تەرخان کردبوو، شوێنی خە شاردنەوەی سەدامیان پێ نیشان بدات.
لەو سەنگەیەوە کە قسەو قسەکەکی زەری لا بەلایەیی دەبارەی فیلمەکە دەکرێت و زەرەك لە خەڵکی کوردستان فیلمەکەیان نەدیوە، پێم باش بوو، وەك چاودێرکی سینەما پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بە فیلمەکە بکەم، بەرچاو ڕووندەك دەربارەی ئاستی هونەرییی فیلمەکەو شێوازی مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ بابەت و هەڵوێستی ئایدۆلۆژی و دەسەلاَتی هونەریی ئێو نیشان بدەم.
لە هەمان کاتدا ئێوە لەبیر خەم ببەمەوە، کە فیلمەکە چەند خەلاَت بەدەست دێنێ ؟
چەند ولاَت داوای بینینیان کردووە؟
لەچەند فیستیڤاڵ بەشداری دەکات؟
چونکە پێم وایە زەر جاران لەدەرەوەی ئاستی هونەرییی و فیکری و بەدەر لەو تەکنیك و تەکنەلۆژیاو قەوارە مادییەی بە بەرهەم هێنانی فیلمێك دەبەستە پێشبینی بە سەرکەوتن و لە باوەش گرتنی لەلایەن ئێو دۆزگا ئەکادیمیانەی فیلم هەدەسەنگێنن بە سەرکەوتن لەفیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەکاندا، زەر جاران پێشبینیەکان شکست دێنن و بەپێچەوانەی بەچوونی ئێوان دەردەچن، بینەرو هەوادارانی سینەماو کۆمپانیا سینەمایەکان ئەنجامەکان بەسوپرایزەوە وەردەگرن، چونکە پێشبینیەکان پێوەرکی جێگیریان نیە و ڕەنگە لەدوا چرکەدا، هەموو پێشبینیەکان سەرو ژێر ببنەوە، لەبری ئێوە کەمەڵە فاکتەری لابەلایی ئایینی، مەزهەبی، سیاسی، بازرگانی، ئابووری، بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دێنە پێشەوەو کار لەبەیاری کۆتایی ئێو لیژنانە دەکەن.
ئەگەر دوور لەهەموو ئێو دەنگەو هەرا نانەوە میدیاییەی بە فیلمی(حەشاردانی سەدام) کراوە، دوای بینینی فیلمەکە وەك بینەر

بەت دەردەکەوێت کە میدیا زۆتر لەپەویست قەبە کراوە، ئەو قەبە کردنەش کەمەکە مەرامی سیاسی و ئایدۆلۆژی و فیکری لە پشتەوەیە، لە ئاستێکی نەو دەوڵەتیش دایە.

هەڵکەوت مستەفا ـــــ بەپێی ئەزموونە سینەمایییەکانی رابووردووی، دەرهێنەرێکە هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، خۆی لەتەقلیدیەت بەدوور بگرێ، سەرنجی هەوادارەکانی خۆی بەو مژارانە بڕجەستە بکات، کە دەستی دەگرن زەمینە بۆ بڕەوپێشەوە چوونی خۆش دەکەن .
وا دەردەکەوێ لەو فیلمەدا ئەرکێکی قورسەتر لەتوانای خۆی هەڵگرتووە، کە ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕشی زۆری سیاسی و ئایدۆلۆژی دەبێتەوە، پرسیاری زۆر قورسی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە، کە ڕەنگە بڕامبەر زۆر لەو پرسیارانە تووشی جڕێك لەئاستەنگی ببێتەوە، بەڵام ئەو لەگەڵ چاوەڕوان کردنی هەموو ئاستەنگەکان، دیارە ئامادە بووە، هەموو ئەنجامەکان قەبووڵ بکات، لەپێناو سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە تازەیەی، کە ڕەنگە ئەو بەڵای خۆیەوە بۆئەزموونەکی زۆر گران بەهای بزانێ، لەتەمەنی هونەری خۆیدا.
دەرهێنەر چۆن ئەو ڕووداوەی هەڵبژارد؟
هەڵکەوت ـــ باس لەوە دەکات کاتێ بە یەکەم جار لەڕۆژنامەیەکدا گوێ بیستی ناوی (عەلا نامیق) و ڕوداوەکانی لەگەڵ سەدام دەبێت، لای خۆیەوە بەیاری بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە دەدات، بۆیە دوو ساڵان بەدوای (عەلا) دا دەگەڕێ، تا دەیدۆزێتەوە بەهەموو مەرجەکانی رازی دەبێت، چونکە ئەو کات پێی وابوو (عەلا نامیق) بە ئەو پردەکە بەپێنەوە بۆ خۆناساندنی زۆترو بۆجیهان بوون، لەدنیای سینەمادا.
